# مۆتۆرلا و کاتژمێرێکی هۆشمەند




هەروەك مۆبایل تەنیا ئەرکەکەی لە سنووری خزمەتگوزاری پەیوەندی گرتندا دەرباز بووە و چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدا، ئێستاکە کاتژمێریش تەنیا ئەرکەکەی کات نیشاندان نییە، کاتژمێر وەك یەکەمین داهێنانی مرۆڤ کە مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە، هەتا چەند ساڵێك لەمەوبەر هیچ گۆڕانێك بەسەر ئەرکەکانیدا نەهاتبوو، ئامێرێك بوو بۆ کات نیشاندان، بەڵام لەسەردەمی دیجیتالیدا کاتژمێر هەر ئەو ئەرکە ئەنجام نادات، بۆ نموونە کاتژمێری MotoACTV کۆمپانیای مۆتۆرلا. ئەم کاتژمێرە وەك هەموو کاتژمێری دیکە لە دەست دەکرێ، ئەرکی سەرەکیشی پاراستنی تەندروستی بەکارهێنەرەکەیەتی. کاتژمێرەکە کێشەکەی 35 گرامە و ئەرکی کاتژمێرەکە چاودێری کردنی لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکەیەتی. بەو سیستەمی GPSیەی کە لەناو کاتژمێرەکەدایە ڕێژەی چالاکی و ڕۆیشتن و هەنگاوەکانت دیاری دەکات. کاتژمێرەکە دژە ئاوە، جگە لەو ئەرکەی باسمان کرد دەتوانێت 4000 پارچە مۆسیقاش لەخۆیدا خەزن بکات و ڕادیۆی FMیشی هەیە، ڕاهێنەرێکی مەجازی وەرزشی تێدایە کە ئامۆژگاریت دەکات چۆن وەرزش بکەیت. چالاکیە جەستەییەکانت بۆ وێب سایتی کاتژمێرەکە دەنێردرێت و دەتوانیت ببینی ڕۆژانە چەندەت چالاکی جەستەیی هەبووە. کاتژمێرەکە میمۆری 8 گیگابایتی و 16 گیگابایتی دەخوێنێتەوە.

# کامێرای شاراوە لە جێگەی سویچدا

دانانی کامێرای شاراوە بەتایبەتی ئەگەر مەبەست کاری سیخوڕی بێت، دەبێ لەو ئامێرانەدا بشاردرێنەوە کە گومانی لێنەکرێت، هەر وەك ئەو کامێرا شاراوەیە کە لەو جێگە سویچەدا حەشاردراوە. کۆمپانیای Brando بەوپەڕی لێهاتووییەوە کامێرایەکی زۆر بچووکی لە جێگەی سویچدا حەشارداوە، بەجۆرێك کە بۆتە دوگمەیەك لەو جێگە سویچە و هیچ جیاوازی لەگەڵ دوگمەکانی دیکە نییە، کامێرا شاراوەکە 2 گیگابایت میمۆرییەکەیەتی و دەتوانێ بە خێرایی 29 فرێم لە چرکەدا فیلم هەڵبگرێتەوە. جگە لە فیلم هەڵگرتنەوە دەتوانێت وێنەش بگرێت. باتری ئەو کامێرایە بەهۆی کێبڵی USBیەوە شەحن دەبێتەوە.





پاراستنی ئەمنییەت و گیانی ئەو کەسانەی کە ترسیان لەوە هەیە کە تووشی ئەوە ببن تیرۆر بکرێن و تەقەیان لێبکرێ گەلێک گرنگە، چەندین ئامێر و کەرەسەی تایبەت هەن بۆ ئەوەی کە گیانی کەسەکان لەکاتی تەقەلێکراندا بپارێزن بۆ نموونە: جلوبەرگی دژە گوللە، سەیارەی دژە گوللە، لەم دواییانەدا چاویلکەی دژە گوللەش پەیدابوو، چونکە تا ئێستا بیرلەوە نەکرابۆوە ئەو بەشە لە ئەندامی لەش چۆن بپارێزێ، بە داهێنانی چاویلکەی دژە گوللەش ئەم گرفتەش کۆتایی هات. ئەو چاویلکەی کە دەیبینن چاویلکەیەکی دژە گوللەیە و بەرهەمی وڵاتی ژاپۆنە، گەرچی

# بە چپەش بدوێی گوێم لێدەبێت!

گوێگرتن لە خەڵك و لە سرتە و چپەی کەسانی دیکە، کردارێکی جوان نییە و خووخدەیەکی ناپەسندە، ئەو ئامێرەی کە لێرەدا وێنەکەی دیارە بەمەبەستی گوێهەڵخستن لە چپە و قسەی خەڵکی دیکەیە. گەر حەز دەکەی بزانی کاتێك لە ژوورێك دەچییەدەر دانیشتووانی ژوورەکە چ قسەیەك دەکەن ئەو ئامێرە گونجاوە، هەرچەندە لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێرەکەشدا نیمە.

بەهۆی ئەو ئامێرەوە کە زیاتر وەك بیستۆکی پزیشکی دەچێت، دەتوانێت دەنگی پشت دیوار و پەنجەرەکانیش وەربگرێت و بەهێزیان بکات. ئامێرەکە لە ڕێگەی USBی کۆمپیوتەرەوە شەحن دەبێتەوە.

# تۆپێک بۆ وێنەگرتنی پانۆرامایی




وێنەی پانۆرامایی بەم جۆرە وێنەیە دەگوترێت کە لەیەك کاتدا دیمەنێکی 360 پلە لە وێنەیەك بگرێت، واتە ئەگەر وێنەی ژووری بینایـەك بگرێت، دەبێ هەر چـوار دیوار و میچی (سەقف)ی خانووەکەش دەربکەوێت. وێنەی پانۆرامایی زیاتر بۆ گرتنی وێنەی جوگرافیایی شارێك سوودی لێوەردەگیرێت، چونکە لەو وێنەیەدا سـنووری شارەکە بەتەواوی دەبیندرێت. گەلێك ئامراز و کامێرا و تەنانەت پرۆگرام هەن بۆ وێنەگرتنی پانۆرامایـی، بەڵام ئایا هیچ کات بیرتـان لەوە دەکردەوە کە تۆپێك هەبێت بتوانێت وێنەی پانۆرامایی بگرێت.

لەسـر ئەم تۆپەی کە وێنەکەی دەبینن 36 کامێرای دوو میگاپیکسلی هەیە، لە یەك کاتدا هەموو کامێراکان وێنە دەگرن، کاتێك تۆپەکـە هەڵدەدەنە هەوا، وێنەی هەمـوو لایەك دەگرێت. لەگەڵ کامێراکەدا پرۆگرامێکیش هەیـە کە وێنەکان دەخاتەوە لای یەك.




# مۆبایلێک بە قەوارەیەکی زۆر مەزنەوە

زۆرجـار گلەیی لە مۆبایلەکەی خۆت دەکـەی کـە قەبارەکـەی زۆر مەزنە و هەڵگرتنی زۆر ناخۆشە، یان کە مۆبایلێکی قەوارە مەزن دەبینین دڵنیین کێ هەیە ئەو مۆبایلە هەڵبگرێت، بـەڵام کە مۆبایلی جـۆری HTC Sensation XL دەبینیـن تـەواو بۆچوونتـان دەگۆڕێ. ئـەم مۆبایلە شاشـەکەی 4.7 ئینجە، لەناو مۆبایلەکاندا گەورەترین شاشـەی هەیە. زیاتـر وەك تەبلێتێك دەچێت تاکو مۆبایلێـك. مۆبایلە زەبەلاحەکە هەندێك تایبەتمەندی بەرچاوی هەن بۆ نموونە، لەنـاو مۆبایلەکانـی سـمارت فۆندا باشترین شاشـەی هەیە بۆ نیشاندانی ڤیدیۆ و وێنەکان. دەنگ لەو مۆبایلەدا تا بڵێی بەهێزە. هاردی ناوخۆی 16 گیگابایتە کە بۆ مۆبایلێك هاردێکی لەم چەشنە یەکجار زۆرە. کامێراکەی 8 میگاپیکسـلە، فلاشـی LED لەسـەرە. توانای وێنەگرتنی وێنەی پانۆرامایی بـە کوالیتی بەرزی هەیە و فول HDیە.



# چـاویلکەی دژە گـوللـە

جامـی ئەو چاویلکەیە تەنیـا 2 ملمە، بەڵام دەتوانێت زەختی تەنێکی 500 گرامی کە لە بەرزاییـەوە بکەوێتە خوارێ ڕابگرێت. هەروەها تەنێـك کـە 6 ملم بێت و بـە خێرایی 170 کیلۆمەتـر لە کاتژمێـردا پێیبکەوێت تەنانەت ناتوانێت شوختیش بخاتە جامەکەوە.





## خێراترین



ڕەنگە لەو گرتە ڤیدیۆییانەدا سەرنجتان دابێت کە وەك ئەوە وایە زەمەن بوەستێ، چونکە دیمەنەکە ئەوەندە بەهێواشی دەڕوات کە بینەر سەری سوڕدەمێنێ، بۆ نموونە کەوتنی دڵۆپە ئاوێك، یان تەقینی دەبدەبەیەك، یان شکانی گلاسێك. لەو گرتە ڤیدیۆیانەدا دیمەنەکە ئەوەندە هێواشە کە چۆنییەتی ڕووداوەکان بە باشی هەست پێدەکەی. ڕەنگە پرسیارێکت بۆ بێتە پێش کە بۆ وێنەگرتنی ئەم گرتە

# ئەو لاپتۆپانەی لە کاغەز دروستکراون



بەر لە داهێنانی کامێرای دیجیتاڵ، کامێرای ئەنالۆگ واتە ئەوانەی فیلمیان دەچۆ سەر، هاتنە بازاڕ کە تەنیا یەکجار سوودیان لێوەردەگیرا، ڕەنگە چی وای پێنەچێت مۆبایلیش تەنیا یەکجار سوودی لێوەربگیرێت بکەوێتە بازاڕەوە.

دیزاینەرێکی چینی بەناوی Je sung park لەو بڕوایەدایە کە مرۆڤ پێویستی بە لاپتۆپی یەکجار بەکارهێنانیش دەبێت. هەربۆیە جۆرە لاپتۆپێکی بەرهەم هێناوە کە پێکهاتەکەی لە کاغەزە و ژینگە پارێزە، چونکە دوای تێکچوونی ئیدی شوێنەوارێکی لە پاش بەجێنامێنێ لە ژینگەدا و دەتوێتەوە. لە لاپتۆپەکەدا هەر شوێنێك کە خراپیش بێت بە ئاسانی چاك دەبێتەوە. چونکە بە کاغەز چاك دەکرێتەوە.

# پیکۆ پرۆژکتۆر هەمیشە لە حاڵەتی فۆکس دا




پرۆژکتەرە بچووکەکان ئێستا پانتاییەکی گەورەیان لە جیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتالیدا داگیر کردووە، ئێستا وەك پێشوو بە ئامێرێکی دەگمەن سەیر ناکرێن. پرۆژکتەری Seeserیش جۆرە پرۆژکتەرێکە کە بەرهەمی تەکنۆلۆژیای وڵاتی ژاپۆنە، بە بەراورد بە پرۆژکتەری دیکە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە.

یەکەم شت کە لەم پرۆژکتەرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە پرۆژکتەرەکە بۆ نیشاندانی وێنە لە سیستەمی لەیزەری سوود وەردەگرێت، هەربۆیە پێویستی بە فۆکس کردنی وێنە نییە بۆخۆی ئۆتۆماتێکی وێنەکە لەسەر تابلۆی مەبەست ڕێك دەخات. قەبارەی نیشاندانی وێنە لەو پرۆژکتەرەدا 100 ئینجە. میمۆری کارتی جۆری SD دەخوێنێتەوە. لەسەر ئەم پرۆژکتەرە پرۆسیسەرێکی 1 گیگاهێرتزی هەیە، جگە لەوەش لەسەر سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی لەسەر داندراوە.

# کامێرا لە جیهاندا

ڤیدیۆیانە لە چ کامێرایەك کەڵك وەردەگرن. لەو جـــۆرە فیلمانەدا کامێـــراکان خێراییان یەکجار لەســـەرێیە بەجۆرێك کە هەزار فرێم لـــە یەك چرکەدا خەزن دەکـــەن. (کامێرای ئاســـایی تەنیا 30 فرێم لـــە چرکەیەکدا خەزن دەکات). لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك خێراترین کامێرای جیهانی بەناوی -Pha tom V1610 هێناوەتـــە بەرهەم، لەو کامێرایەدا خێرایـــی تۆمارکردنی فیلم بە خێرایی 1 ملیۆن فرێم لە چرکەیەکدایە. بۆ نموونە ئەگەر بتهەوێ بەم کامێرایە تەنیا 3 چرکە فیلـــم هەڵبگریەوە و بە خێرایی کامێرایەکی ئاسایی فیلمەکە لێبدەیەوە ئەم سێ چرکەیە دەبێتە 28 کاتژمێر!!

## چەند زانیارییەکی گرنگ لەبارەی گوگل کرۆمەوە

بـــۆ ئەوانـــەی کە گـــوگل کـــرۆم وەك دینەمۆی دۆزەرەوەی ســـایتەکان بەکار دێنن، بۆیان دەرکەوتووە کـــە ئەم خزمەتگوزارییەی گـــوگل بە بەراورد بە ســـایتە دۆزەرەوەکانی دیکە هەم بەکارهێنانی ئاسانترە و هەم گەلێك تایبەتمەندی تێدایە کە لە سایتە دۆزەرەوەکانی دیکە دا نین. ئەوانەی کە شـــارەزای گوگل کـــرۆم نین ڕەنگە نەزانن چ تایبەتمەندییەکی گرنگـــی تێدایە، لێـــرەدا ئامـــاژە بە چەند خزمەتگوزارییەکی ئەم دینەمۆیە دەکەین.

ئێوە گەلێك جاران حەز دەکەن هیچ شـــوێن پێیەکتان لەســـەر ئینتەرنێـــت نەمێنێت، واتە هیچ کەســـێك نەزانێت کە ئێوە چ سایتێکتان کردۆتەوە، یان لە چ خزمەتگوزارییەکی ئیمێل سوود وەردەگرن، یان چ گرتەیەکی ڤیدیۆیی یان پرۆگرامێکتـــان دابەزاندووە. بە داگرتنی دوگمەکانی Ctrl+Shift+N لاپەڕەیەکی نـــوێ دەکرێتەوە ئیدی لـــەو لاپەڕەیەدا هەر ســـایتێك کە بکەنەوە یان هەرچی بکەن شوێن پێتان لەســـەر ئینتەرنێت بەجێ نامێنێ، واتە هیچ کەسێك نازانێت ئێوە چتان کردۆتەوە.

بـــە داگرتنـــی دوگمەکانـــی Ctrl+J پەنجـــەرەی داونلۆد دەکرێتـــەوە، Ctrl+H پێرســـتی ســـایتەکان کە پێشـــتر کراونەتەوە دەکرێتەوە. Ctrl+D خەزنکردنی لاپەڕەیەك. Ctrl+f کردنـــەوە و داخســـتنی پەنجەرەی بەدواداگەڕان. Ctrl+w داخســـتنی تەبی کـــراوە، Ctrl+ + گەورەکردنـــی لاپەڕە، Ctrl+0 گەڕاندەوەی لاپەڕەکە وەکو پێشوو. گەلێـــك خزمەتگوزاری تر لـــە پرۆگرامی گوگل کرۆم دا هەیە کە لەکاتی پێویســـتدا ئاماژەیان پێدەکەین.



## هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیـــارێـــک

فلاش میمۆری ئێســـتاکە وەك پێداویســـتییەکی ســـەرەکی هەڵگرتنی داتاکان ســـەیردەکرێت، ئەگەر تێکبچێت ئیدی بەمانای نەمانـــی زانیارییەکانی ســـەر فلاشـــەکە دەژمێردرێت ئەگەر لە شوێنی دیکە زانیارییەکانت نەپاراستبێت ئەوە گرفتێکی گەورە ڕوو دەدات، یەکێك لە خوێنەران پرســـیاری ئەوە دەکات کە کاتێك فلاش میمۆرییەکەم دەخەمە سەر کۆمپیوتەر ئەو پەیامە دێت Access Denied، تەنانـــەت ئەگەر بمهەوێ فلاش میمۆرییەکەشم فۆرمات بکەمەوە فۆرمات ناکرێتەوە، هیچ ڕێگە چارەیەك هەیە؟

خوێنـــەری بەڕێز گرفتی ســـەرەکی تۆ و زۆر کەســـی دیکە بەهۆی ئەوەیە کـــە ڕاســـتەوخۆ دوای ئەنجامدانـــی کارەکانیان فـــلاش میمۆرییەکە دەردێنن، هەرچەندە هێندێك جاریش ڤایرۆس دەبێتە هۆی تێکچوونی فـــلاش میمۆری، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەبێت پرۆگرامی Cool Disk Formatter لەسەر کۆمپیوتـــەر دابەزێنی، کە پرۆگرامێکی بچووکـــەو بـــە ئاســـانی دادەبەزێـــت. پـــاش دابەزاندنـــی پرۆگرامەکە، فلاش میمۆرییەکەت لەسەر کۆمپیوتەر دابنێ و بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە فۆرماتی بکە. بۆ ئـــەوەی کە جارێکی دیکە تووشـــی گرفتی لەم چەشـــنە نەبی، پێویستە لە پێشـــدا فلاش میمۆرییەکە لە شـــریتی لای کاتژمێرەکە Stop بکەی و دواتر دەریبێنی، بەهۆی ئەوەوە هەم ویندۆزەکەت دەپارێزێ و هەم فلاشەکە تێکناچێت.